جێختکردنەوەی حکومی بە بەردەوامی نۆژەنکردنەوەی ناوچە کۆنەکانی بەغدا و پاراستنی میراتی تەلارسازی

سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئەمڕۆ یەکشەممە، جەختی لەسەر بەردەوامی نۆژەنکردنەوەی ناوچە کۆنەکانی بەغدا و شوێنەوارە نەمرەکانی و پاراستنی کەلەپووری تەلارسازی کردەوە، ئاماژەی بەوەش کرد کە دووبارە ئاوەدانکردنەوەی کەنیسەی قەشە کریکۆری ئەرمەنییە ئەرسەدۆکسەکان گوزارشت لە هەمەجۆری و پێکەوەژیان لە عێراقی نوێدا دەکات.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە ڕاگەیەندراوێکدا کەدەستی ئاژانسی هەواڵی موتەڵیع کەوتووە تێیدا ڕایگەیاند: "سەرۆک وەزیران محەمەد شیاع سودانی، کەنیسەی قەشە کریکۆری ئەرمەنییە ئەرسەدۆکسەکانی لە ناوەڕاستی بەغدا دوای نۆژەنکردنەوەی کردەوە، ئەوەش بە بۆنەی نزیکبوونەوەی جەژنەکانی لەدایکبوونی حەزرەتی مەسیح (سڵاوی خوای لەبێت)."

لە ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە: "سودانی گەشتێکی بەناو هۆڵ و بەشەکانی کەنیسەکەدا کرد بۆ بەدواداچوونی پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی هەمەلایەنەی ئەم شوێنە گرنگە. لە وتارێکیشدا خۆشحاڵی خۆی دەربڕی بە ئامادەبوونی لەم ناوەندە ئایینییە و ڕایگەیاند کە بینای ئەم کەنیسەیە شایەتی لەسەر ئەو قوربانییە بێتاوانانەی لە گۆڕەپانی تەیەران (ساحة الطیران) لەلایەن تیرۆرەوە کرانە ئامانج، کە عێراقییەکی بێتاوان و ئاشتیخواز بوون."

بەپێی راگەیەندراوەکەی سودانی ڕوونی کردەوە: "ئاوەدانکردنەوەی کەنیسەکە گوزارشت لە هەمەجۆری و پێکەوەژیان لە عێراقی نوێدا دەکات، هەنگاوێکیش بۆ زیندووکردنەوەی شکۆی بەغدا و پاراستنی شوێنەوار و مێژووی شارستانی و ڕۆشنبیرییەکەی. هەروەها نۆژەنکردنەوەی کەنیسەکە پابەندی و ئەرکێکە بەرامبەر بە پێکهاتەیەکی ڕێزداری گەلەکەمان." سوپاسی هەموو ئەو هەوڵانەشی کرد کە لە پرۆسەی نۆژەنکردنەوەکەدا بەشدار بوون و دووپاتی کردەوە کە حکومەت بەردەوام دەبێت لە نیشاندانی ڕوخسارە مێژووییەکەی بەغدا لە ڕێگەی زیندووکردنەوەی نیشانە تەلارسازییەکانییەوە.

سەرۆک وەزیران ئاماژەی بەوەش کرد: "کارەکان بۆ نۆژەنکردنەوەی ناوچە کۆنەکانی بەغدا و شوێنەوارە نەمرەکانی بەردەوامن، و بەردەوام دەبین لە پاراستنی کەلەپووری تەلارسازیی بەغدای گەشاوە بە کەنیسە، مزگەوت و بینا مێژووییەکانی." جەختیشی کردەوە کە "بە فەزڵی خوێنی شەهیدانمان لە هەموو پێکهاتەکان، لە ڕووبەڕووبوونەوەی تیرۆر بە سەرکەوتوویی و یەکگرتوویی هاتینە دەرەوە و بەرەو ئاوەدانکردنەوەی وڵات و بەدیهێنانی ڕێنسانسێکی ئابووری و گەشەپێدان هەنگاومان ناوە."

لە کۆتایی راگەیەندراوەکەدا هاتووە: "کەنیسەی قەشە کریکۆری ئەرمەنییە ئەرسەدۆکسەکان گەورەترین و فراوانترین پرۆسەی نۆژەنکردنەوەی بەخۆوە بینی لەو کاتەوەی لە ساڵی 1957 دروستکراوە، ئەمەش بۆ ئامانجی زیندووکردنەوەی ئەم شوێنەوارە ئایینی و کەلەپوورییە."